سەماحەتی حەکیم لەگەڵ ئەمینداری بەغدا سروشتی خزمەتگوزاری و گرنگی کامەبوونی دەزگایەکان لە پایتەخت تاوتوێ دەکات

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانیتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز ئەندازیار عەمار موسا ئەمینی بەغدا لەم دیدارە باسی سروشتی خزمەتگوزاری لە بەغدای پایتەخت و چۆنیەتی پتەوکردنی هەماهەنگی و کامە بوون لەنێوان دەزگاکانی دەوڵەت بە تایبەتی نێوان حکومەتی نێوخۆیی و وەزارەتەکانی پەیوەست کرا.

بەڕێز حەکیم جەختی لەسەر پێویستی بەردەوامی هەمەتەکانی ئاودانکردنەوە و گەشەپێدان لە بەغدا کردەوە و تەئکیدی لەسەر بایەخ پێدان بە ناوچە مەژوویی و شوێنەواریەکان کردەوە بەهۆی نوێنرایەتی ناسنامەی کولتووری و شارستانی، هاوکات داوای تەواوکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی لەگەڵکە تازەکاندا کرد بە ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو بە ژیان تا خواستی هاووڵاتیان لە بەرچاو بگیرێت..

سەماحەتی حەکیم جەختی لەسەر گرنگی یەکخستن لە ئاستی دامەزراوەکانی دەوڵەت کردەوە و ئاماژەی بۆدا کە پایتەخت لە قەناغەکانی ئابردوودا بەهۆی خراپبوونی بارودۆخی ئەمنی کاریگەری لەسەر هەبووە و بووەتە هۆی دواکەوتنێکی بەرچاو لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، گوتیشی زۆر گرنگە لە ڕێگەی هەماهەنگی خزمەتگوزاری و هەوڵەکانی گەشەپێدان بەسەر ئەم کێشەیەدا زاڵ بێت...

هەروەها بەڕێزیان داوای پەرەپێدانی هاوکاری نێوان شارەوانی بەغدا و دامەزراوە ئەکادیمییەکانی کرد، لەگەڵ سوودوەرگرتن لە شارەزایی عێراقی لەڕێگەی ئاوێز و توێژینەوەی زانستییەوە لەچارەسەرکردنی قەیرانەکانی خزمەتگوزاری و کە پێویستی بەگرتنەبەری چارەسەری ستراتیژی بە کێشەکانی هاتوچە و قەرەباڵغی هاتوچە کرد کە هاوڵاتیانی نیگەران کردووە...

هەر لەم ڕووەوە سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر گرنگی بە داتاکردن لە جومگەکانی کاری ئەمانەتی بەغدا و دووپاتیشی کردەوە کە پێویستە دەزگاکانی ئەمانەتی بەغدا لەگەڵ هاولاتیان لەسەر هێل بن و لەیان نزیك بن، ئەو کارەش بە ئەوەیە کوالیتی کارەکان باشتر بێت و شەفافیەت و ئاستی ئیداریش باشتر بێت.